وەزیری دەرەوەی لەگەڵ هاوتا سعوودییەکەی سەردانکەی بۆ تاران تاوتوێ دەکات

ئەمڕۆ شەممە فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە لەگەڵ فەیسەڵ بن فەرحان ئال سعود وەزیری دەرەوەی سعودیە، پەرلەمێندنەکانی هەرەمی و سەردانکەی بۆ تارانیان تاوتوێ کرد.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە،ڕایگەیاندووە: فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، لە میانەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ فەیسەڵ بن فەرحان ئال سعود وەزیری دەرەوەی شانشینی سعودیە، پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و شانشینی سعودیە و ڕەگاکانی بەهێزکردنیان بۆ شێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەردوو وڵاتی برا بکات تاوتوێ کرد.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژەی بۆشکردووە : لەو پەیوەندییەدا باس لە پێشهاتە گشتییەکانی هەرێمیش کراوە، بەتایبەتی گرژییە بەردەوامەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران، وەزیر هەروەها باسی لە سەردانەکەی داهاتووی خۆی بۆ تاران کرد.